پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی کەسێک نوێژ بکات بە شێوەیەک هەردوو دەستی لە سەر هەردوو لای کەمەری بێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی کەسێک نوێژ بکات بە شێوەیەک هەردوو دەستی لە سەر هەردوو لای کەمەری بێت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی کەسێک نوێژ بکات بە شێوەیەک هەردوو دەستی لە سەر هەردوو لای کەمەری بێت، واتا لە جیاتی ئەوەی دەستی ڕاستی لەسەر دەستی چەپی دابنێت، دەستی ڕاستی لەسەر لای کەمەری ڕاستی (لەسەر شوێنی گورچیلەی ڕاستی دادەنێت)، ودەستی چەپی لەسەر لای کەمەری چەپی (لەسەر شوێنی گورچیلەی چەپی دادەنێت)، کە بە شێوەی دوو سێگۆشە دەردەکەوێت بە دەوری لاشەیدا بەهۆی باڵەکانیەوە، یان لەوەیە مانای ئەوەیش بگەیەنێت کە کاتێک دەستی ڕاستی لەسەر دەستی چەپی دادەنێت بیانخاتە سەر لایەکی کەمەرەکانی واتا لەسەر سینگی دایان نەنێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10874